# بەشدار بوونی كورد لە هەڵبژاردن لە كەركوك

## ئەحمەد دەشتی

تائەودەمەی كە كەركوكی دڵی كوردستانمان نەگەڕێتەوە ئامێزی دایكی شیرینمان كوردستانی لە هەموو شتێكمان خۆشەویسترو هەموو گیرو گرفتەكانی كەركوك بە تەواوی چارەسەر نەكرێت و هەموو گوند و شارۆچكە و شوێنە جیا كراوەكان و تەعریب كراوەكان كە بە دەست و فەرمانی ڕژێمە دكتاتۆرەكەی سەدامی خوێن ڕێژ و داگیركەر ئەنجام دراوە و تا هەموو ئاوارە و دەربەدەر كراوەكانی شاری زێڕین و دڵی كوردستانی وەك خۆی لێ نێتەوە ئەوا ئەركی سەر شانی هەموو كوردێكە و كە نابێ بەشداری لە هەڵبژاردن بكات لە كەركوك ،دەبێ گەلی كورد بە تێكڕایی دژ بە هەموو هەڵبژاردنێك بێت لە ناوچەی كەركوك ، كە ئێستاش ڕژێمی ئێستای عێراق هیچ هەولێكی نەداوە و ناشیدات و بۆ گەڕانەوەی كەركوك بۆ سەر كوردستان، تەنانەت بڕیارەكانی سەركردایەتی كورد كە بە تێكڕایی هەردو پارتە سەرەكیەكەێ كوردستانە واتە پارتی و یەكێتی كە دڵسۆزانە بۆ كورد لەم كات و ڕۆژگارانە دا بۆ شاری كەركوك هەڵوێستی پیرۆزانەیان گرت و بڕیاریان داوە كە بەبێ گەڕانەوەی كەركوك هەڵبژاردن ناكەن و دەبێ شاری كەركوك بگەڕێتەوە سەر كوردستان‌چونكە هیچ نەكراوە لەو بارەوە بۆیە دژی هەڵبژاردنن لە كەركوك كە ئەمە ئەركێكی زۆر پیرۆزە بۆ كورد لە شاری كەركوك چونكە ئەمڕۆ هەڵبژاردن بە زیانی گەلی كوردە،بەڵام ڕژێمی عێراقی گوێی بە هەردو حزبە سەرەكەی كوردستان نەداوەو تا ئەمڕۆش هەر سورن لە سەر هەڵبژاردن لە كەركوك بەم شێوەیە، دوژمنانی كورد بە تایبەت توركمانە بەكرێگیراوەكانی سەر بەداگیركەری ئاوا زۆر نامەردانە دەستی ڕەشیان لە گەڵ هەموو دوژمنانی كورد تێكەڵاو كردووەو هەولی گێرە شێوێنی دەدەن و بە خەیالی گلاوو كەسیفیان دكارن كە بە دژایەتی كردنی گەلی كورد كێشەی كورد بەرەو دوا

بگەڕێننەوەو دڵی خۆیان و ئاغاکانیان لە داگیرکەرانی کوردستان لە تازیەکان و تورکەکان و خەلکانی تری دژ بە کوردستان شاد بکەن و خیانەتکارانە هەنگاو داوێن و دەیانەوە کە گرفت بۆ کێشەی گەلی کورد لە کەرکوکی دڵی کوردستان زێتر بکەن و گەلی کورد توش بە ئازارو خەم بکەنەوە ، بەڵام تورکمانە خۆ فرۆشەکان زۆر هەلەن و سەریان لە بەر دەدەن و ئەوان نکارن هیچ شتێ بکەن ، چونکە هەموو تورکمانێکی بە شەرەف و دژ بە گیانی دژایەتی کردنی گەلی کوردن و سالهای سالیش خەباتیان بۆ ژیانێکی ئازادانەو ڕزگار لە ژێر چنگی سەدامە دکتاتۆرەکەو ڕژێمی عێراقی دڵسۆزانە لە پاڵ هەموو شۆڕشەکانی کورد کردووەو هەرگیز بە فیتەی داگیرکەری تورک هەڵنەستاون و هەتا ئەمڕۆش دلسۆزانە بۆ هاوپەیمانی و ژیان لە گەڵ گەلی کورد دا سەربەرزانە دەژین و لە لایەن دەسەلاتداران و حکومەتی هەریمی کوردستانەوە بە هەردو لاوە هەموو مافێکیان پارێزراوەو ئازاد و سەربەست لە سەر خاکی کوردستان دا دەژین،بەلام ئەوانەی کە دەستی ناپاکیان بۆ تورک و کۆنە سەدامیان و داگیرکەرانی کوردستان و ئەوانەی کە هاتونەتە سەر ماڵی کورد وخانوو بەرەو ملک و ماڵ و شوێنی کوردیان تەعریب کردووە وداگیریان کردووە ئەمڕۆ،وادیسان لە دوای ئەم هەموو کارەساتانەی کە بە سەر عێراق و بە تایبەتی گەلی کورد هاتوە شۆڤێنیە تورک و عارەبەکان کلکیان کردۆتە یەک و دەیانەوێ دیسانەکە ئازارەکان بگێڕنەوە سەر ناوچەی کەرکوک و سەدام چی کردووە ئەوانیش وا بکەن و چیان لە هەول و تەقەلا دایە بۆ دژایەتی کردنی کورد دەیکەن کە ئەمەش تەنیا گەردەن شکانی خۆیانی تێدایەو بەس هیچ خزمەتێک بە گەلی عێراق ناکن و دەبێ زۆر چاک ئەوە بزانن کەهەموو بە سەر هات و دکتاتۆریەت و ئەو تاوانانەی کە سەدام دژ بە گەلی کوردی کرد هۆکاری لە ناو چوون و نەمانی خودی سەدام و دارو وو کە دیمان چیان بەسەر هات ،دەبێ دوژمنانی کورد ئەوە جاک بزانن کە بێ کەرکوک کوردستان نیەو کەرکوک دەبێ وەک جاری جاران بگەڕێتەوە

سەر ناوچەی کوردستان و هەموو بڕیارەکانی سەدامی لە بارەی کەرکوکیش دەبێ هەڵبوەشێتەوە و ئەگینان دیسان کار لە کار دەترازێت و دیسانەکە نائارامی و ماڵ رانی و بە دان نەنانی مافەکانی گەلی کورد لەلایەن هەر جۆرە ڕژێمێکی کە دێتەسەرکار ئەوا دکرەساتەکان زیندوو دەبێتەوە و هۆکارەکانیش بە تایبەتی لە شاری کەرکوک تورکمانە خۆ فرۆشکان و کەسانی هاوکار و سەر بە سەدامیانن و کە دەیانەوێت مەرام و هەستی بۆگەنیان وەدی بێت بەر پرسیارن.

بەشدار بوونی گەلی کورد و دۆستانی کورد لە هەڵبژاردن لە کەرکوک بەبێ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر خاکی کوردستان خیانەت کردنە لە کوردو دوا جاریش سەر نەکەوتنی کوردانە.

*